# ئەدۆنیس:

## خۆزگە لە سوریە کەس بە ناوی ئاین ونەتەوە پەرستیلەوی تردا نە توابایەوە

جەلال بەرزنجی



ئەدۆنیس لە دایک بووی گوندی (قەسابینی) سوریەیەو, زیاتر لە سی ساڵ دەبێت لە تاراوگە لە وڵاتی , فرلین و بۆدلێرو رامبۆ و سان جۆن پیرس وسارتەروشتراوس و پیکاسۆ (فەرەنسا) وڵاتی شۆرش و بزوتنەوە هزری و شیعریە نوێخوازەکان لە دنیادا , بە جێهێشتنی وڵاتی سوریە لە لایەن ئەدۆنیس پێش سی ساڵ و روو کردنە تاراوگە واتەشۆین نەبوونەوەی و گەڕانی بە دوای شوێن و ئەتمۆسفیرێکی تر . لە گەڵ ئەوەی (ئەدۆنیس) بە بێ شکی شاعیرێکی گەورەی ئەمڕی دنیایە نووسەرێکی داهێنەری بواری هزرو بۆچوونە تازەگەریەکانی ئەدەبە, ئەندامی بۆردی پەڕلەمانی نووسەرانی دنیاشە, ئە دۆنیس زۆر جار لەنووسینەکانیدا سۆزو پشتگیری خۆی بۆ کورد دەرخستوە , رە نگە لە نزیک ناسینی کورد لە لایەن ئەدۆنیس پەیوەندی بە دۆستایەتی ئەو بێت بە شاعیرو رۆمانووسی گەورە (سەلیم بەرەکات) ی ناوهەردووک تاراوگەی , فیزیکی سوئیدوتاراوگەی نووسینی ناو زمانی عەرەبی ,ئەدۆنیس لە گۆشەی (ئەلمەدارات) کە هەفتانە لە رۆژنامەی

(الحیاە) ئەلحەیاتی لەندەنی دەینووسی لە گۆشەی رۆژی 2005/9/22 لە ژێرناوی( ئەمشەو مانگی ناسک لە سەر بالیفی فورات دەخەوێ) نووسیویەتی ( لە بەڕنامەماندا هاتبووسەردانی دێرزوور و قامشلی وحەسەکە بکەین بچینە قولایی باکوور من بۆ خۆم حەزم دەکردکوردوئاشوریەکان وکلدانیەکان ویەزیدیەکان ببینم هەر یەکەوبە زمانی خۆیان قسە دەکەن وپراکتیزی شتە کەلتووریە کانی خۆیان دەکەن

حەزم دەکرد ببینم بە برایەتیەکی تەواو, هاوڵاتیەکی ئازاد شان بە شانی عەرەب لە ژێر ئاسمانی سووریە بە عەداڵەت و ژیانێکی فرە کەلتووری بژین

بەبێ ئەوەی کەسیان بەناوی ئاین یان نەتەوە پەرستی لە ناوئەی تردا بتوێنەوە) ئەم حەزو ئاواتەی شاعیر بۆ ژیانی دیموکراسی و فرە کەلتووری لە سووریە لە کاتێکە , دوو هەفتە لە مەوبەروەزیری دەرەوی سووریە ئینکاری زمانی کوردی کردبوو لە سووریە گووتبووی شتێک نیە بە ناوی
زمانی کوردی و دەبێ کوردەکان لە سووریە بە زمانی عەرەبی قسە بکەن
بۆیە ئەم رایە ئازایانە و پشتگیریە(بووس)یکی باشە بۆبزوتنەوەی کوردەکانی بن دەستی سووریە.